# یاسین بانیخێڵانی بەرجەستەکردنەوەی بیرتەسکی ناسیونالیستێك

عرفان کریم

یەکێك لەو دیاردە ڤێزەوەنانەی کە لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا هاوکات لەگەل شەری کۆنەپەرستانەی ئەمریکا دژ بەخەلکی عێراق و ئەو ناوچەیە هاتەکایەوە دیاردەی توندرەوی کۆنەپەرستی ناسیونالیزمی کوردە.

ئەم رەوتە کۆنەپەرستە لەژێر ناوی پاراستنی ( بەرژەوەندی) میللەتی کورد و هەلی مێژوویی بۆ مەسەلەی کورد بەئەحزابی سیاسی و ئەفراد ورۆشنفکرانی یەوە وەکو بەتالیۆنێکی ئەمریکی بەشداریان لەمالوێرانی و کوشت وکوشتاری خەلکی عێراق کردوە و راستەوخۆ کلکی جامانی یەکانیان بە تانکەکانی ئەمریکاوە گرێ کوێرەی لێدرا و دەسەلاتدارانی سەرمایەداری شەرخوازیش لە ئەمریکا سودیان لەم زەغیرە پر لە کۆنەپەرستی یە کردوە و تەواوی دەزگا راگەیاندەکانیان وەکو سی. ان. ان

رۆژنامەکانی ئەمریکا لەخزمەت بەرجەستەکردنەوەو هەقانیەتدان بەم رەوتە کۆنەپەرستە تەرخان کردوە. بزوتنەوەی کۆنەپەرستی ناسیونالیستی کورد وەك هەر بزووتەوەیەکی تری کۆمەلایەتی لەنێو کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکاندا خاوەنی قسەکەرو بیرمەندو رۆشنفکرانی خۆیەتی کە دەیانەوێ سەرسەختانە لەبەرامبەر رەوتی پێشکەوتنخوازی و مۆدێرنیزم وئینسانی و سۆشیالیستی لە کۆمەلگای کوردستان دا بوەستنەوەو دژایەتی بکەن چونکە دەزانن کە رەوتی گەشەکردنی شۆرشگێری کۆمەلگا دەبێتە بومەلەرزەی ژێرپێیان و جێگا بەمان لەق دەکات. وە ئەرکێك کەبەمانە سپێردراوە و لەم قۆناغەدا کە عێراق و کوردستان پێیدا تێدەپەرێ بریتی یە لە پاساوکردن بۆ شەری کۆنەپەرستی ئەمریکا وتاوانەکانی و داپۆشینی ماهیەت وناوەرۆکی دژی ئینسانی سیاسەتەکانی ئەمریکایە.

لە درێژەی بەجێگەیاندنی ئەم مەئموریەتەی سەرانی ئەمریکا و ناسیونالیستی کورد رۆژی. ٢٦. ٠٤. ٠٣ یاسین بانیخێلانی نوسراوەیەکی بلاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (حکك وئەزمونی چەواشەکردنی راستی یەکان) کە پێدەچێ خۆبەخشانە کە بەزمانی ئەلمانی دەلێن (فرای ڤیلیگ) دەستی داوەتە ئەم نوسینە چونکە ئەو زۆر ئیفتیخار بە (بێلایەنی) سیاسی ورێکخراوەیی خۆی دەکات لەکاتێك دا نوسراوەکەی دەری دەخات کە ئەو ناسمایەی (بێلایەنی) یە چەندە تەزویرە و کاتێك دەخرێتە ژێر چاوی ویژدانی ئینسانی یەوە دەردەکەوێت کە ناسمانەکەی سەربەدەزگای کۆنەپەرستی ناسیونالیزمی کوردەو ئەم ئیدعایی بێلایەنی یە دەبێتە جێگای پێکەنین.

بەدەر لەچوونە ناو ووردو درشتی نوسراوەکەی یاسین بانیخێلانی و پێشەکی یە هەرزەکاری یەکەی و بیانۆکانی بۆ دەست بردن بۆ ئەم نوسراوەیەی ئەو توهمەت و تەشهیرانەی کە بەحزبی کۆمونیستی کرێکاری وئەندامانی کردوە کە ئەمە بۆ حزب و ئەندامانی کاردانەوەیەکی تازە و یەکەم رەفتاری کۆنەپەرست و بیرتەسکی ی ( رۆشنبیرێکی) ناسیونالیستی کورد نی یە لە بەرامبەر سیاسەت و خواستەکانی حزب لەکوردستان وعێراق دا. وە دابەزین بۆ ئاستی نزمی ئەو جۆرە لەنوسین کەئەمەش بۆ خۆی بەلگەیەکی ترە لەناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی ئەو ناسیونالیستانە، بەلێ بەدەر لەمانە دەکرێ دوو ئامانجی بنچینەیی لە نێو نوسراوەکەدا بەدی بکەین کە یاسین بانیخێلانی دەیەوێ بەرجەستەی بکاتەوەو هەقانیەتی پێبدات یەکەمیان شەری کۆنەپەرستانەی ئەمریکا دژبەخەلکی عێراق و دووەمیان پاساوکردن بۆ بزووتنەوەی کۆنەپەرستی ناسیونالیستی کورد. سەبارەت بەشەری ئەمریکا وئاکامەکانی یاسین بانیخێلانی وەك ژۆرنالیستێکی دەزگای (سی. ان. ان) ئاوها باس لەئاکامەکانی ئەم شەرە دەکات (گومان لەوەدا نی یە، وەتا ئەمرۆ کە ئەو شەرە بەقازانجی خەلکی عێراق شکاوەتەوە) دەبێ هونەری چەواشەکاری لای ئەم بەرێزە سنورەکەی لە کوێدا بێت. . . ؟ ئاخر بەکام پێوانەی ئینسانی ئەو هەموو کوشت وکوشتاری مندالان و خەلکی بێ گوناە و باراندنی هەزاران موشەکی وێران کەر بەسەر مال وژیانی خەلکی دا وکاول کردنی زۆربەی بنەماکانی ژیانی ملیۆنەها بەشەر و بێ نان وئاوکردنیان. . . . . . پێ ی بۆترێ بەقازانجی ئەم خەلکە تەواو بووە. . . . ؟ گەرانەوەی کۆمەلگایەك بۆ دەیان سال بۆدوواوە و حەشاردانی ملیۆنەها ئینسان لەژێر مۆتەکەی مەرگ و نەبونی پێویستی یەکانی رۆژانەی ژیان دا دوای دوانزە سال لەگەمارۆی ئابوری چۆن ناوبنرێ قازانج. . . . ؟ لەوانەیە بانیخێلانی زیندوو بونەوەی وەحشیگەری مەراسیمی کۆنەپەرستی (عاشورا) وەك دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ خەلکی عێراق لەقەلەم بدات و ئەمیش وەکو ژۆرنالیستەکانی (سی. ان. ان) ناوی بنێ بەرپابون و

سەقامگیر بونی (دیموکراسی) لەعێراق دا هەروەها تالان وکاولکاری تەواوی دەزگا خزمەتگوازری یەکان لە ژێر چاودێری سەربازە ئەمریکایەکان دا ناولێبنێ (دژایەتی کردنی حکومەتی بەعس) .

ئەوەی ئەمرۆ تۆزقالێك بەویژدانەوە بروانێتە کۆمەلگای عێراق دەزانێت چی سەرگانداانی یەك وچی سیناریۆیەکی رەش لەبەردەم ئەم گۆمەلگایەدا خۆی حەشارداوە ئەمرۆ لەعێراق دا چەندین تاقم و دەستەی کۆنەپەرستی چەقۆکێشی قەومی و ئیسلامی و کۆنەبەعسی بە پارێزگاری رامبۆکانی یەکێتی وپارتی سەریان دەرهێناوەو وەکو گەلە گورگ کەلبەکانیان تیژ دەکەنەوە و دەیانەوێ جەستەی خوێناوی کۆمەلگای عێراق لەتو پەتبکەن.

سەبارەت بەسیاسەتەکانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق بۆ کۆتایی هێنان بەزولمی قەومی لەسەر خەلکی کوردستان و هەلوێستی حزب لەبەرامبەر ئەحزابی ناسیونالیستی کوردا یاسین بانیخێلانی بە هەلچونێکی هەرزەکارانەوە ئاوەژوی راستی یەکان دەکات و ئینسافی سیاسی لەبیرخۆی دەباتەوەو دەنوسێ {ئەوەندەی مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە بۆ ناشرین کردنی وێنەی کوردو سوکایەتی کردن بە ئەحزابە کوردیەکانەوە چونکەکێشەی ئەوان لەگەل حزبە کوردی یەکانە. . . ئەوەبو لەسەر دیوارەکان دەیانوسی (کوردایەتی شەرمەزاری یە) . . وەلێ بۆچی دیفاع لەخەلکی فەلەستین دەکەن، بەلام کاتێك کەدێتە سەرمەسەلەی کورد دەیگۆرن بۆ مەسەلەی ناسیونالیستی. . . } لێرەدا پێش ئەوەی بچمە سەر وەلام دانەوە بەم چەند دێرەی دەکرێ پرسیارێك ئاراستەی ئەو بەرێزە بکەین ئاخۆ ئاستی رۆشنبیری ئەو لە چی ئاستێك دا بێت وا ئاوها بە ئارەزوی خۆت دوور لەراستی ئامانج وسیاسەتەکانی حزبێك باس دەکات. . ؟ ئەمرۆ لە عێراق وکوردستان دا لەنێو هەموو ئەحزاب ورێکخراوە سیاسیەکان دا ئەوە رۆشنە کە رێگا چارەی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق بۆ لابردنی زولمی قەومی لەسەر خەلکی کوردستان لە رێگای گەرانەوەیە بۆ رای خەلکی کوردستان و بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانە لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەگرتوەکان دا کەلەوێدا خەلکی کوردستان خۆیان بریار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن لەنێوان مانەوە و وژیان کردن لەچوارچێوەی عێراق دا یاخود جیابونەوەو دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان. ئیتر دەبێ لەم رێگا حەلەدا چی دژایەتی یەك وناشیرینکردنێك هەبێ دژ بەخەلکی کوردستان. . . . ؟ بەلام پێدەچێ نارەحەتی ئەسلی یاسین بانیخێلانی لەوەدابێت کە (حکك) سیاسەتی کۆنەپەرستی و سازشکارانەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی ریسواکردوە کەزیاتر لە نیو سەدەیە خەلکی کوردستانیان کردۆتە قوربانی ئەم سیاسەتەیان هەر لە عێراق دا لەرۆژی سەرهەلدانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە هەمشیە کێشەی زولمی قەومیان لەسەر خەلکی کوردستان کردۆتە هۆکارێك بۆ وەگرتنی بەشێك لەدەسەلاتی مەرکەزی وەبۆ ئەم مەبەستە هەرچی رێگایەکی سازش کردن هەیە گرتویانەتە بەر وەتازەترینان باوەشکردنیان بە دیکتاتۆرە گۆربەگۆرەکەی بەغدابو لەسالی ۱۹۹۱ لەکاتێك کە لەشاخەکانی کوردستان منالان وژنانی برسی کوردستان لەبرساو لەسەرما گیانیان لەدەست دەدا کە ئاوارەی دەستی لەشکری فاشیستی بەعس بوون. مێژووی سازش و ریاکاری ئەم ئەحزابانە خەرمانێکە لە شەرمەزاری، ئەمانە لەبەرامبەر تەواوی سیاسەتە فاشیستی یەکانی حکومەتەکانی ناوچەکە وەکو جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی و حکومەتی جەنارالە فاشیستەکانی تورکیا نەك هەر چاوپۆشیانکردوە بەلکو بونەتە چاوساغ وپێشلەشکری ئەم حکومەتانە بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی هەقوازی خەلکی کورد لەو وولاتانەدا. دەکرێ یاسین بانیخێلانی لەخۆی بپرسێ ئەوە کێ بوو لەسالی ۱۹۸۳لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی دا بەشان وبالی سەدامی خوێن رێژدا هەلی داو وتی {سەدام حسێن مهندسی حوکمی زاتی یە }. . . . ؟؟

ئەوە کێ بوو لەشکری بەعسی لە ۱۹۹٦بۆ کوردستان گەرانەوە. . . ؟ ئەوە کێ بوو پاسداری هێنایە سەر بارەگاکانی دیموکرات. . ؟ لەکۆتایی دا دوو دروشمی مێژوویی دەهێنمەوە بیری ئەم بەرێزە کە ناسیونالیستەکان دەیان ووتو دەیلێنەوە کە جیاوازی زەمەن لەنێوان ئەم دوو دروشمەدا دەری دەخات مێژووی هەلپەرستی وسازشکاری ناسیونالیستی کورد چەندە کۆنەوە. . . و درێژەی هەیە یەکەمیان (ستالین پێشەوایە، بۆ کوردان وەك باب وایە) و (جورج بۆش و تالەبانی برای گیانی بەگیانی) .

۲۸. ۰٤. ۰۳ ئەلمانیا

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.